# ژیانی بۆب دیلان

# له عەشق و سیاسەتەوە

# بۆ



تەنها گیتار هاودەم و هاوڕازی بۆب دیلان نەبوو، لە تەمەنی 6 ساڵییەوە لەگەڵ موزیك و ئامێرەکانی موزیك ئاشنادەبێت و دەستدەکات بە ژەنینی پیانۆ، بەرلەوەی قۆناغی دواناوەندی تەواوبکات ماوەیەك لە چێشتخانەیەك وەك کارگوزار و بەردەست، کاریکردووە و هەر لەو شوێنەوە بوو لەگەڵ گروپێکی موزیك بە ناوی "دشادۆز" ئاشنادەبێت و دەرگای بەخت و چانس بە ڕوویدا دەکرێتەوە و لەگەڵ ئەو گروپە، دەستدەکات بە ژەنینی پیانۆ و ئەمە سەرەتایەك دەبێت بۆچوونە ناوی جیهانی موزیك و گۆرانییەوە.

## سەردەمی منداڵی:

بۆب دیلان یەکەمین منداڵی ئابراهام زیمەرمانە، کاتێك لە دایکبووە، کێشی 5 کیلۆگەرم بوو، سەری لەچاو باقی ئەندامانی جەستەی زیاتر لە ئەندازە گەورەتر بوو. زۆر گلەیی لەدایك و باوك هەیە و پێیوایە ئەوان دایك و باوکێکی راستەقینەنەبوون و دەڵێت من دایك و باوکێکی باشم نەبوو، ئەوان بەڕاستی ئەوە نەبوون، کە من دەمویست، منداڵی بۆب زۆر بە ناوخۆشی گوزەراوە و خۆی باسیدەکات، کە قەت ئەو منداڵی نەکرد و تامی سەردەمی منداڵی نەچێشت و لێی تێنگەیشت لەبەرئەوەی کە سەردەمی منداڵی زۆر بە ناخۆشی تێپەڕاند.





## زانکۆ

بۆب دەڵێت" خوێندکارێکی باش نەبووم و قەت نەمتوانیوە بە ڕێکوپێکی لە پۆل ئامادەببم و هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی لە پۆل دزیوەتەوە، ماوەیەك دەچێت زانکۆ دواتر وازدەهێنێت و بڕیاردەدات بە شوێن ژیانی خۆیدا بگەڕێت و ژیانێکی نوێ بۆخۆی دروستبکات. بۆب دەڵێت پێش ئەوەی بچمە زانکۆ لە قۆناغی دواناوەندی زۆربەی شەوان لەبری ئەوی کتێبە دەرسییەکانم بخوێنمەوە، شەوان تا بەیانی خۆم بە خوێندنەوەی کتێبەکانی " کانت" سەرقاڵدەکرد. دواتریش کە واز لە زانکۆ دەهێنێت، زۆربەی شەوان تا بەیانی سازی دەژنی و گۆرانی دەوت. بە ڕۆژیش بۆی دەخەوت و لای لە کتێب و خوێندن نەدەکردەوە.

## دڵداری

بۆب سەبارەت بە یەکەمین خۆشەویستی خۆی دەدەوێت و دەڵێت" تازە هەرەتی لاویم بوو لەگەڵ کچێك ئاشنابووم، ناوی " سۆز" بوو. هاوڕێیەك و خۆشەویستێکی باش بوو، نێوانمان زۆر خۆش بوو. کچێکی زۆر باش بوو. یەکترمان زۆر خۆشدەویست. دواتر سۆز ڕۆیشت بۆ ئیتاڵیا و خۆشەویستییەکەمان کۆتاییپێهات. ڕۆیشتنی سۆز، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر شیعر و گۆرانییەکانی بۆب دیلان دادەنێت و کۆمەڵێك گۆرانی باشی لێدەکەوێتەوە.

## ڕووداوی هاتوچۆ

لێخوڕینی مۆتۆر سکلێت، یەکێك لەو کارانەیە، کە بۆب دیلان کەیفی پێدەچێت و جارێك خەریك بوو، لەبەر هەندێك سەرکێشی لە لێخوڕینی ماتۆر گیانی لەدەستبدات. ساڵی 1966 لە کاتی لێخوڕینی ماتۆڕ تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو و ملی شکا و بۆ ماوەی 8 ساڵ نەیتوانی کۆنسێرت سازبکات، بەڵام لەو ماوەیەدا توانی چەندین بەرهەمی بەپیز بەرهەمبهێنێت.

## سیاسەت

هەرچەند لە ماوەی ژیانیدا بە ڕەسمی کاری سیاسی نەکردووە، بەڵام هەر لەسەرەتای چالاکیە هونەرییەکانی جۆرێك ناڕەزایەتی لە کارەکانیدا دەبیندرا و هەر ئەوەش وای کرد، کە وەك کەسێکی سیاسی دەربکەوت. ئەو دژی هەر جۆرە سانسۆرکردنێکە، تەنانەت جارێکیان لە کۆنسێرتێکدا کە ڕێگە نەدرا گۆرانییەکی ناڕەزایەتی بڵێت وازی لە کۆنسێرتەکە هێنا. وەك ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوە مەدەنییەکانی ئەمریکا لەدەیەی 1960 لە قەڵەمدەدرا و سەبارەت بە هەموو پێشهات و ڕووداوەکان هەڵوێستی هەبوو، لەپەناو گۆرانییە سۆزدارییەکانی باس لە مردنی کرێکاری ڕەشپێشت دەکات.

لەهەموو خۆپیشاندانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لەکاتی جەنگی ئەمریکا لەدژی ڤێتنام بەشداریکردووەو ئاهەنگی گێڕاوە و لەدژی شەڕ گۆرانی وتووە و خوازیاری کۆتاییهێنان بە دەنگ و بەرگری لە ئاشتی و ئارامی کردووە. لەو ساڵانەدا زۆربەی گۆرانییەکانی باسیان لە هەژاری و نەداری و برسێتی و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی دەکرد. هەر ئەو چالاکیانە وای کرد، کە زۆربەی خەڵکی ئەمریکا ئەو وەك ڕەخنەگر و ناڕازییەکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمبدەن و دەنگی بۆب بە دەنگی ناڕەزایی دەربڕین لەقەڵەمبدەن .

**بۆب سەبارەت بە یەکەمین خۆشەویستی خۆی دەدوێت و دەڵێت» تازە هەرەتی لاویم بوو لەگەڵ کچێك ئاشنابووم، ناوی « سۆز» بوو. هاوڕێیەك و خۆشەویستێکی باش بوو، نێوانمان زۆر خۆش بوو. کچێکی زۆر باش بوو. یەکترمان زۆر خۆشدەویست. دواتر سۆز ڕۆیشت بۆ ئیتاڵیا و خۆشەویستییەکەمان کۆتاییپێهات**





### مەدالیای ئازادی وەردەگرێت

دەنگی بۆب دیلان تەنها نوسەران و گەنجان و لایەنگرانی گوێی لێناگرن، بەڵکو سیاسییەکانیش گوێی لێدەگرن، بۆ نموونە باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان، پاش ئەوەی هەواڵی دەستنیشانکردنی بۆب دیلان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بڵاوبوویەوە، رایگەیاند" پیرۆزبایی لە بۆب دیلان دەکەم بۆ وەرگرتنی ئەوخەڵاتە، چونکە بۆب شاعیر و گۆرانیبێژە دڵخوازەکەی منە".

ئەمە لەکاتێکدا پێشتریش لە ساڵی 2012 مەدالیای ئازادی لەلایەن باراك ئۆباما پێشکەشی بۆب دیلان کرا. ئەو مەدالیایە ساڵانە بە کەسانێك دەدرێت، کە هەوڵیانداوە بۆ پێشکەوتنی ئاسایش و ئامانجە نیشتمانییەکانی ئەمریکا لەپێناو ئاشتی نێودەوڵەتی و گەشەی فەرهەنگی چ لە بواری شەخشی و چ لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

### چالاکی خێرخوازی:

بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی، چەندین کۆنسێرتی سازکردووە و داهاتەکەشی بۆ لێقەماوان و پەنابەران تەرخانکردووە. بۆ نموونە کۆنسێرتی بنگلادش لەساڵی 1971 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆنسێرتێکی لە گۆڕەپانی مەدیسون لە نیۆیۆرك ڕێکخست و داهاتەکەشی، کە نزیکەی 250 هەزار دۆلار بوو بۆ پەنابەران و لێقەماوانی بەنگلادیشی تەرخانکرد و کۆمەك مرۆییەکانی بۆ هەژاران و لێقەوماوان، تا ئێستاش بەردەوامە و زۆرجار لە کاری خێرخوازیدا بەشداری دەکات.

لەبەهاری ساڵی 1964 بۆب دیلان لە چوارەمین ئەلبۆمی خۆیدا بە ناوی " رووکەی تری بۆب دیلان" خستە ناو بازاڕەوە، کە پێشوازییەکی باشی لێکرا. یەکێك لە گۆرانییەکانی بەمشێوەیە دەستپێدەکات.



**ئازیزم**

**ئەو کەسە نیم کە تۆ گەرەکەتە**

**من ئەو کەس نیم کە تۆ پێویستیت پێیەتی.**

لەپایزی ساڵی 1964 ژان پۆل سارتەر فەیلەسوف و نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ دەستنیشانکرد، بەڵام سارتەر ئەو خەڵاتەی رەتکردەوە و رایگەیاند" رێگەنادات بەبیانووی وەرگرتنی خەڵات، ئەو بە رێکخراوێکەوە گرێبدەن.

هەر لەو ساڵەدا بۆب دیلان لە گۆرانییەکی ئاشقانە و سۆزداریدا بۆ خۆشەیستەکە خەیاڵییەکەی خۆی دەڵێت، کە زۆر لە پەیامەکەی سارتەر دەچێت. بۆب لەو گۆرانییەدا دەڵێت:

**ئەگەر منت لەبەرئەوەی کە هەم خۆشدەوێم**

**من مەکە بەو شتەی کە نیم.**

زۆربەی ئەمریکییەکان پێیانوایە بەخشینی خەڵات بە بۆب دیلان، لەڕاستیدا سوکایەتییەکی گەورە بە تەواوی نوسەران و شاعیرانی ئەمریکا، بەتایبەت ئەو نوسەرو شاعیرە ئەمریکیانەی، کە ساڵانێك ناویان لەناو لیست کاندیدەکانی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵەو تا ئێستا ئەو خەڵاتەیان پێنەبەخشراوە.

ساڵی 2008 هۆراس ئەنگدال بەڕێوەبەری ئەکادیمیای سوید رایگەیاندبوو، نوسەرانی ئەمریکا بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان لە دیالۆگی ئەدەبیاتدا نییەو بەمشێوەیە نوسەرانی ئەمریکی خۆیان سنووردار کردۆتەوە.

پێویستە بوترێت کە لێکدانەوە و پێشبینی بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بۆب دیلان هەمیشە کارێکی سەخت و دژوار و چەتوون بووە، چونکە زۆر جار ڕەفتار و کردارەکانی بۆب پێشبینی نەکراو بووە و ڕەفتاری سەیر و سەمەرەی لەخۆی نیشانداوەو هەمیشە ویستویەتی بەشێوەیەکی نەناسراو بژیت و زۆر حەز ناکات باس لە نهێنییەکانی خۆی بکات و ڕاز و سڕی خۆی ئاشکرا بکات.

بۆب دیلان بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە، کە سەرەڕای خەباتی بەردەوام و سەرەڕای ئەم هەموو نازناو و ناوداربیەك پێخۆشە سەربەستی و ئازادییە تاکەکانی خۆی بپارێزێت.

جگە لەخۆی، هیچ کەسێ نازانێ بۆچی کتوپڕ ڕۆبێرت ئاڵن زیمرمان بڕیاریدا ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ بۆب دیلان، نازناوێك کە بووە هۆی ئەوەی، کە لەجیهاندا ناوبانگ دەرکات، هەرچەند لەوبارەیەوە بۆچوون زۆرە، هەندێك پێیانوایە لەبەرئەوەی کە زۆر حەزی لە شیعرەکانی دیلان تۆماس شاعیری خەڵکی ولز بووە، بۆیە ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، بەڵام بۆب خۆی دەڵێت" ئەوە چارەنووس وای کرد من ناوی خۆم بۆ بۆب دیلان بگۆڕم، ڕۆژێ کتوپڕ دای لەسەرم، کە ناوی خۆم بگۆڕم، هەر ئەوە، پەشیمانیش نیم لەو ناوە.

